بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

هَلْ أَتَى عَلَى الْإِنسَانِ حِينٌ مِّنَ الدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْئًا مَّذْكُورًا ﴿1﴾

ئایا زەمانێک بەسەر ئینساندا نەهاتووە کە شتێك نەبووبێت، ناوو ناونیشانێکی نەبووبێت؟! (چ باوکە گەورەمان، چ تاکە تاکەمان، زەمانێك هەبووە، کە نەبوین و ناونیشانمان نەبووە).

إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا ﴿2﴾

(بێگومان) ئێمە ئینسانمان دروست کرد لە تێکەڵەیەك (لە سەرەمێکوتەیەکی بچوك و هێلکۆکەیەك) ئینجا دەسگای بیستن و بینینمان پێبەخشی.

إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴿3﴾

لەوەودوا سەرپشکمان کردو ئامادەیمان تیا دروستکرد (بە ئازادی دەتوانێ ببێتە کەسایەتیەکی ئیماندارو) سوپاسگوزار، یان بێ باوەڕو خوانەناس.

إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَلَاسِلَا وَأَغْلَالًا وَسَعِيرًا ﴿4﴾

(بەڵام با بزانێت کە) ئێمە کۆت و زنجیرو دۆزەخمان ئامادە کردووە بۆ بێ باوەڕان.

إِنَّ الْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِن كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا ﴿5﴾

بێگومان چاکان و پاکانیش لە کاس و پەرداخێکدا شەرابی (تایبەتی) دەخۆنەوە، کافووری تێکەڵ کراوە (کە مادەیەکی تامخۆش و بۆنخۆش و ڕەنگ و جوانە).

عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ اللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا ﴿6﴾

بەندەکانی خوا لە سەرچاوەیەك دەخۆنەوە کە بەویستی ئەوان (لە هەر شوێنێکدا بیانەوێت) هەڵدەقوڵێت و فوارە دەکات.

يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا ﴿7﴾

(ئەو بەختەوەرانە، یەکێك لە سیفاتیان ئەوەیە): وەفا بە نەزر دەکەن، یاخود بەڵێنێکیان دا وەفادارن و ئەنجامی دەدەن، چونکە بیمیان هەیە لە ڕۆژێك کە شەڕی لێ دەبارێت...

وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ﴿8﴾

هەروەها نان و خۆراك دەبەخشن، ئەگەرچی خۆشەویستیش دەبێت، بە هەژارو هەتیوو دیلەکان.

إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاء وَلَا شُكُورًا ﴿9﴾

(دەڵێن): ئێمە ئەم خۆراکەتان لەبەرخوا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو پێدەبەخشین، نە پاداشتمان لێتان دەوێت نە سوپاس، (ئەڵبەتە ڕێکخراوە خێر خوازییە ئیسلامییەکان دەبێت وابن).

إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوْمًا عَبُوسًا قَمْطَرِيرًا ﴿10﴾

(هەروەها ئێمە دەڵێین: ئەم کارە بۆیە دەکەین) چونکە لە ڕۆژێکی تاڵ و گرژو ڕەش و تاریك دەترسین، کە پەروەردگارمان پێشی دێنێت.

فَوَقَاهُمُ اللَّهُ شَرَّ ذَلِكَ الْيَوْمِ وَلَقَّاهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا ﴿11﴾

(بێگومان لە ڕۆژی قیامەتدا) خوای گەورە لە شەڕو ناخۆشی و نەهامەتی ئەو ڕۆژە (کە لێی دەترسان) پاراستوونی، وە بە ڕووی گەش و ڕوو خۆشی و شادمانییەوە پێشوازیان لێ دەکات.

وَجَزَاهُم بِمَا صَبَرُوا جَنَّةً وَحَرِيرًا ﴿12﴾

وە لە پاداشتی خۆگری و ئارامگرییاندا بەهەشت و ئاوریشمی پێبەخشین.

مُتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ لَا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْسًا وَلَا زَمْهَرِيرًا ﴿13﴾

(ئەو بەختەوەرانە) لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان شانیان داداوە، نە گەرمایی خۆر بێزاریان دەکات، نە کزە باو سەرما سەغڵەتیان دەکات.

وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَالُهَا وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا ﴿14﴾

سێبەری (درەختە جوانەکان بەسەرشوێنە خۆشەکانیاندا) سەری فرو هێنانەوەو لێکردنەوەی میوەکانیش ئاسانەو ملکەچ کراوە.

وَيُطَافُ عَلَيْهِم بِآنِيَةٍ مِّن فِضَّةٍ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا ﴿15﴾

هەروەها لە سوراحی و دۆلکەی زیودا (شەرابیان بۆ دەگێڕن) کە دەکرێتە ئەو کوپ و کاسانەوە کە لە شوشەو کریستاڵی تایبەت دروست کراون.

قَوَارِيرَ مِن فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا ﴿16﴾

(هەموو دڵم و دەزگای خواردن و خواردنەوەکان) لە شوشەی زیوی دروست کراون بە شێوەیەکی (ئەندازەیی جوان و دڵفڕێن).

وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا ﴿17﴾

هەروەها شەرابێکی تریان پێشکەش دەکرێت کە زەنجەبیلی تێکەڵە (ئەویش ماددەیەکی بۆنخۆش و تامخۆشە).

عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّى سَلْسَبِيلًا ﴿18﴾

لە سەرچاوەیەکدا ئەو شەرابەیان بۆ دەهێنرێت کە ناوی سەلسەبیلە (کە تام خۆشی و بەلەزەتی شەرابەکە دەگەیەنێت).

وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا ﴿19﴾

ئینجا منداڵانی ڕووخۆش و جوان و پاك و نەمر، بەناویاندا دەگەڕێن (قسەی خۆش و سرودی بەتام دەڵێن) هەرکە دەیانبینیێ وا دەزانی مرواری و بەوناوەدا بڵاو بونەتەوە.

وَإِذَا رَأَيْتَ ثَمَّ رَأَيْتَ نَعِيمًا وَمُلْكًا كَبِيرًا ﴿20﴾

جا بە هەر لایەکدا چاودەگێڕیت و دەڕوانی، سەرنجی هەر شوێنێك دەدەیت، نازو نیعمەتێکی نەبڕاوە و بێشومارو فراوان دەبینیت (لە باخ و باخات و کۆشك و تەلارو دیمەنی جوان و) فراوانی بێ سنور.

عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ وَحُلُّوا أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٍ وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا ﴿21﴾

پۆشاکی (بەختەوەران) ئاوریشمی سەوزی تەنکە کە بەسەر پۆشاکی ئاوریشمی ئەستوردا لەبەریان کردووە، هاوڕێ لەگەڵ بازنی زیوی (تایبەتدا) ئینجا لەلایەن پەروەردگاریانەوە شەرابی پاك و بێگەردو خاوێنیان پێشکەش دەکرێت.

إِنَّ هَذَا كَانَ لَكُمْ جَزَاءً وَكَانَ سَعْيُكُم مَّشْكُورًا ﴿22﴾

(پاشان پەروەردگاریان پێیان دەفەرموێت:) بەڕاستی ئەم پاداشتە شایستەی ئێوەیە، هەوڵ و کۆشش و کارو کردەوەی ئێوە شایانی سوپاس

و ڕێزە.. (بێگومان خوای گەورە بەم سوپاسگوزارییە ئەوەندەی تر بەختەوەران دڵخۆش دەکات).

إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ تَنزِيلًا ﴿23﴾

دڵنیاش بە (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) هەر ئێمە قورئانمان بۆ تۆ دابەزاندووە (تا خەڵکی پێ بێدار بکەیتەوە).

فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعْ مِنْهُمْ آثِمًا أَوْ كَفُورًا ﴿24﴾

کەواتە خۆڕاگر بە تا ویست و فەرمانی پەروەردگارت دێتە دی، نەکەی ملکەچ و فەرمانبەرداری تاوانباران و وە   ب باوەڕان بیت.

وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿25﴾

(ئینجا بەردەوام) یادی پەروەردگارت بکەو ناوی پیرۆزی (با ویردی سەرزارت بێت، بەتایبەت) لە بەرەبەیان و دەمە و ئێواراندا.

وَمِنَ اللَّيْلِ فَاسْجُدْ لَهُ وَسَبِّحْهُ لَيْلًا طَوِيلًا ﴿26﴾

لە شەوگاریشدا سوژدەی بۆ ببەو تەسبیحات و ستایشی لە هەندێک شەودا زۆر بکە.

إِنَّ هَؤُلَاء يُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ وَيَذَرُونَ وَرَاءهُمْ يَوْمًا ثَقِيلًا ﴿27﴾

بەڕاستی زۆربەی ئەو (خەڵکە سەرگەردانە) حەزیان لە ژیانی ئەم دنیا تەمەن کۆتاییە کە بەخێرایی تێدەپەڕێت، وە ڕۆژێکی سەخت و سەنگین پشتگوێ دەخەن و حسابی بۆ ناکەن.

نَحْنُ خَلَقْنَاهُمْ وَشَدَدْنَا أَسْرَهُمْ وَإِذَا شِئْنَا بَدَّلْنَا أَمْثَالَهُمْ تَبْدِيلًا ﴿28﴾

(بۆ بیر ناکەنەوە) خۆ هەر ئێمە دروستمان کردوون و ئەندامەکانی لەشمانیان پێکەوە بەستووە، هەرکاتێکیش بمانەوێت ئەمانە لادەبەین و بە کەسانی تر (سەر زەوی ئاوەدان دەکەینەوە).

إِنَّ هَذِهِ تَذْكِرَةٌ فَمَن شَاء اتَّخَذَ إِلَى رَبِّهِ سَبِيلًا ﴿29﴾

بەڕاستی ئەم سورەتە (سەرجەم ئایەتەکانی قورئان) یادخەرەوەیە (جا ئەوەی دەیەوێت با ڕێگەو ڕێبازی بەرەو لای پەروەردگاری بگرێتە بەر).

وَمَا تَشَاؤُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿30﴾

دڵنیاش بە کە ئێوە هیچتان پێناکرێت و هیچ کارێکتان پێ ئەنجام نادرێت مەگەر خوا ویستی لەسەر بێت، بەڕاستی ئەو خوایەش زاناو دانایە (دەزانێ کێ شایستەی هیدایەتە، وە دانایە لە هیدایەتدانی بەندە چاکەکاندا).

يُدْخِلُ مَن يَشَاءُ فِي رَحْمَتِهِ وَالظَّالِمِينَ أَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿31﴾

ئینجا ئەوەی ئەو بیەوێت (یاخود ئەو کەسە خۆی بیەوێت) دەیخاتە ژێر سایەی ڕەحمەتی خۆیەوە، وە بۆ ستەمکارانیش سزای پڕ ئێشی ئامادە کردووە.